گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی میدیا بە بڵاوکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە- هزری خۆکوشتن بەنموونە

## توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانیە

**م.ی. هێمن ئەمین جەلال شوانی**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، نوسینگەی وەزیر، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
hemin.jalal@mhe-krg.org

**م. ی. هونەر محمد حسين**
بەشی وەرگێران، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Hunar.m.hussein@cihanuniversity.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/١١
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Communication, Media, Social Phenomena, Society, Suicide

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.16

**پوختە**

خۆکوشتن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بووەتە جێی بایەخی زۆری کۆمەڵناسیی و بەتایبەت کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن، لە بنەڕەتدا هۆکارەکانی خۆکوشتن دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی باری دەروونی، دڵەڕاوکێ، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، فشارە تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام لەم سەردەمەدا میدیاکانیش ڕۆڵی زۆریان لە زیادبوونی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەدا هەیە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بەڕۆڵی میدیا لە بڵاوکردنەوەی هزری خۆکوشتن، بۆ ئەو مەبەستە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی (126) هەواڵی تایبەت بە(خۆکوشتن) لە (17) کەناڵی جیاوازی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ مانگ دەرکەوت لە بری ئەوەی هەواڵەکان ببنە وێستگەیەک بۆ هاندان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و دورکەوتنەوە لە تاوانی خۆکوشتن، بەڵام بونەتە بەشێک لە هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ زیادبونی ڕێژەی خۆکوشتن و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕواکێ و بێ ئومێدی، لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەشدا دەرکەوت میدیاکاران کەمترین ڕێنماییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخراوی تەندروســتی جیهانی (WHO)یان پەیڕەو کردوە. هەروەها بە بەهای ناوەندی ســەنگکراوی (3.16)، واتا بەئاســتێکی (بەهێز) دەرکەوتووە میدیاکاران شارەزایی ڕۆژنامەوانیان لەسەر ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن نیە.

## 1. پێشەکی:

مێژووی خۆکوشتن هێندەی مێژووی مرۆڤ لەسەرزەوی کۆنە. خۆکوشتن دیاردەیەکە هەرگیز لە کۆمەڵگەی مرۆیی دانەبڕاوە، بە مانایەکی دیکە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵگەیەك نییە بێ بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن. کەواتە خۆکوشتن هەڕەشەیەکی کۆن و هەمیشەیی سەر هەموو کۆمەڵگەیەکە، هەربۆیە مرۆڤایەتی بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگەی جیاواز بووە بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە و هێنانەئارای جۆرێك لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤەکان بتوانن پارێزگاری لە ژیانی خۆیان بکەن، بەڵام لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هۆکار و شێوازەکانی خۆکوشتن جیاوازە، بەپێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، خۆکوشتنیش فۆرم و شێوەی گۆڕاوە، چونکە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆکوشتن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کۆمەڵگەش بە بەردەوام ڕێگەچارەی تازە و جیاوازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگریکردنی لە خۆکوشتن داهێناوە.

سەرهەڵدانی خۆکوشتن وەکو دیاردەیەك تەنها پەیوەندی بەیەك هۆکار نییە، بۆیە لە گۆشەنیگای هەمەجۆر ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەموو زانستە جیاوازەکان هەوڵی ئەوەیان داوە بە گوێرەی توانای خۆیان لەو دیاردەیە بکۆڵنەوە. کۆمەڵناسی ڕاگەیاندنیش وەک یەکێك لە لقە زانستیە نوێیەکان بایەخی زۆر بە دیاردەی خۆکوشتن دەدات و، هەوڵ دەدات لە گۆشەنیگایەکی تازەوە توێژینەوە لەو دیاردەیە بکات. لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە میدیاکان هەواڵی بڵاوکردنەوەی خۆکوشتن دەخوێنینەوە و دەبیستین و دەبینین .

لەم توێژینەوەیەدا، لە ڕێگەی سێ بەش کە یەکەمیان تەرخانکراوە بۆ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە، دووەمیشیان تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، لە سێیەمدا باس لە دیاردەی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان و مامەڵەی میدیاکاران کراوە، ئینجا بەخستنەڕووی داتا و ئامار و بۆچوونی پسپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ بابەتی توێژینەوەکە کراوە و، خاڵی لاواز

و بەهێزەکان مامەڵەی میدیاکاران خراوەتەڕوو، لە کۆتایشدا بەچەند خاڵێک گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ پێشنیاز و ڕاسپاردەکان.

## 2. میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

2.1 ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

**گرفتی توێژینەوەکە:** دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن دیاردەیەکی ناپەسەندە و لەنێو هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا بوونی هەیە، چەند هۆکارێکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە سەرهەڵدەدا، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەدیاردەی خۆکوشتن دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی ڕۆڵی میدیا لە تەشەنەسەندنی دیاردەکە، گرفتی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی دوو پرسیاری سەرەکی ڕوون دەکەینەوە:-

- ئایا میدیا کوردی ڕۆڵی لە هاندان و بڵاوکردنەوەی هزری خۆکوشتن هەیە؟
- ئایا چۆن دەتوانین سوود لە تیۆری ئەنۆمی و لاسایکردنەوەی وەربگیرێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیاکار لەگەڵ دیاردەی خۆکوشتن؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** هەرچەندە تا ئێستا لەڕوانگەی ئابووری، یاسایی، و دەروونی و کۆمەڵناسی لەدیاردەی خۆکوشتن کۆڵدراوەتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ڕوانگەی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن دەبێتە گۆشەنیگا و ڕوانگەی کارکردنی توێژەران بۆ تێگەیشتن لەدیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن، ئینجا شیکردنەوە بۆ هۆکار و زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی ڕوودانی دیاردەی خۆکوشتن بەهۆی میدیا ڕوون دەکرێتەوە. واتە جیا لە هۆکارە ئابووریەکانی وەك هەژاری، بێکاری و قەیرانی ئابووری و، گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، بەکۆمەك وەرگرتن لە کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن تێدەگەین کەبێ پێوەری و لاوازبوون و نەشارەزایی لە پرنسیپەکانی مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن چ ڕۆڵێکی لەزیادبوونی خۆکوشتن لە کۆمەڵگەدا هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانستیە بریتیە لە:-

- تێگەیشتن لە دیاردەی خۆکوشتن لەڕوانگەی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئاشنابون بە شێوازی مامەڵەی میدیاکاران بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بەدیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن.
- دەستنیشانکردنی کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕوداوەکانی خۆکوشتن بەشێوەیەکی نازانستی.
- زانینی پەیوەندی نێوان بڵاوکردنەوەی هزری خۆکوشتن و میدیا لە کۆمەڵگە لە ڕوانگەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

سەبارەت **بەکۆمەڵگەی توێژینەوە**، وەك لەناونیشانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە بەشی لایەنی شیکاری توێژینەوەکە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێ لە سەرجەم ئامرازەکانی ئەو میدیایانەی کە سنوری هەرێمی کوردستان وەک (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیای نوێ) کار نموونەی هەواڵەکانی ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن (کوردسات نیوز، کوردستان24، ئێن ئارِ تی، گەلی کوردستان، ڕووداو، کەی ئێن ئێن، سپێدە، پەیام، کوردستانTV، کەرکوک) و ێبسایتەکانی (بادینان سات، باسنیوز، خەندان، وێستگە نیوز، سپی میدیا، وشە، گاڤ) بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوە، هاوکات کۆمەڵگەی ڕوپێوی مەیدانی توێژینەوەکەش بریتین لەسەرجەم ئەو میدیاکارانەی کە لە میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن.

پەیوەستە بە **نموونەی توێژینەوەکە**، بەسوود وەرگرتن لە نموونەی مەبەستدار (86) میدیاکار وەک یەکەی توێژینەوەکە وەرگیراون. توێژینەوەکە پشتی بە **میتۆدی** (وەسفی- بەڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە) بەستووە بۆ وەسفکردن و هەڵسەنگاندن و گەیشتن بەئەنجامەکان و دیاریکردنی ئاستی شارەزایی میدیاکاران سەبارەت بەچۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن. هەروەها میتۆدی وەسفی شیکاری (Descriptive analytical method) بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵی دامەزراوەکانی میدیا بەکارهێناوە.

2.2 چەمکەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەندێ چەمکی سەرەکی هەیە، کە پەیوەستن بەناونیشانی توێژینەوەکە، بۆیە لێرەدا چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو، دواتریش پێناسەی کارڕایی توێژینەوەکەمان بۆ هەریەکەیان کردوە، کە ئەمانەن:-

1.دیاردەی کۆمەڵایەتی (Social Phenomena):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمکی دیاردەی کۆمەڵایەتی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، ( جۆرج گۆرڤیچ) کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرنسی لەو بارەیەوە دەڵێ: " دیاردەی کۆمەڵایەتی، واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی ئاڵۆز و دابەشنەکراوی ئەو کردارانەیە، کە پلەی توندیان جیاوازە، بەشێوەیەک هەم لە ڕووی ستونی و هەم لەرووی ئاسۆییەوە پەردەستێنێ"(موحسنی، 2005: 28)، هەروەها لە فەرهەنگی زاراوەیی کۆمەڵناسیدا هاتووە" دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ئەو رەفتارە مرۆییانە دەنوێنن کە تارادەیەك لە کۆمەڵگەدا بڵاون، ڕەفتارگەلێکی دەستەجەمعین نەك تاکەکەسی، تاڕادەیەك ئاڵۆزن و خاوەن چەند لایەنێکی زۆرن کە کار لەیەکتری دەکەن"(سەمیرە، 2007: 187)، بەلای (عەبدوڵڵا)وە (دیاردەی کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکە ڕودانی دووبارە دەبێتەوە، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دووبارەبوونەوە، لە خۆیی، جەبرو گشتیە"(عەبدوڵڵا، 2008: 21). لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە دیاردەی کۆمەڵایەتی: ئەو ڕەفتارە مرۆییە، کە لەلایەن چەند تاکێک لە کۆمەڵگە بۆ کۆتایهێنان بەگرفتەکانیان پەیڕەوی دەکەن و، ئینجا بەرەو بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندن دەچێت، وەک دیاردەی خۆکوشتن کە میدیا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پاڵ بە تاکەکەوە دەنێت بۆ دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری ئەو تاکەکانی لە نێو کۆمەڵگە گرفتی هاوشێوەیان هەبووە.

2.خۆکوشتن (Suicide):

کۆمەڵناسێکی بەناوبانگ، ئیمیل دورکهایم، لە توێژینەوەکەیدا لەبارەی خۆکوشتن دەڵێت: "زاراوەی خۆکوشتن کردەوەی بێهیوایی کەسێکە کە گرنگی بە ژیان نادات، ئەمەش بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی مردن بەکاردەهێنرێت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کردەوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی خودی قوربانییەکە دروست دەبێت، کە دەزانێت ئەم ئەنجامە بەرهەم دەهێنێت. (Durkheim, 2005: xlii- xliii) هەروەها (شبیب) لە توێژینەوەیەکی زانستیدا دەڵێ: " خۆکوشتن ئەو کردارە هۆشیارانەیە کە تاک وەک کاردانەوە و نارەزایەتییەک لە بەرامبەر کۆمەڵێک فشار و نەبوونی هاودەنگی ئەنجامی دەدات بۆ دانپیانان و بەدەستهێنانی مافەکانی" (شبیب، 2020: 25). لەلایەکی دیکەوە (عبدالعال) پێی وایە خۆکوشتن دەرئەنجامی چەند هۆکارێکی خێزانی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە، کە بەهۆیانەوە باری دەروونی تاک ناسەقامگیر دەکات و، وای لێدەکات دەستبەرداری ژیان بێت و خۆی دەکوژێ(عبدالعال، 2021: 86). لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە خۆکوشتن کردەیەکی هۆشیارانەیە، کە

تاک لە بەرامبەر کۆمەڵێک فشاری کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری و بێ هیوابوون لە ژیان و، بەسوود وەرگرتن لەو هزر و بۆچون و تەکنیکانەی لە میدیا بڵاودەکرێتەوە کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێ.

2.3 ئەدەبیاتی پێشوو:

ئەمیل دورکهایم بەیەکێک لە زانا پێشەنگەکانی کۆمەڵناسی دادەنرێ، کە لە کۆمەڵگەی ئەوروپی توێژینەوەی لە بارەی دیاردەی خۆکوشتن ئەنجامداوە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست توێژینەوەکان لە بواری دەرونی، یاسایی، پزیشکی، تاوانناسی و دواتر کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن زیاتر بوون بەتایبەت لەسەردەمی گەشەسەندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیای نوێ، لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو توێژینەوە نوێیانە دەدەین، کە پەیوەستن بە خۆکوشتن:

1.ڕەنگدانەوەی خۆکوشتنی کەسایەتیە ناسراوەکان لە میدیاکان: هەریەک لە (ئوێدا، مۆری و ماستوبایشی) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشیاندا باسیان لە کاریگەرییەکانی ڕاپۆرتی میدیاکان سەبارەت بە خۆکوشتنی کەسایەتییە ناسراوەکان لە ژاپۆن لە نێوان ساڵانی (1989-2010)کرد، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە ڕاپۆرتە میدیاییەکان لەسەر خۆکوشتنی کەسایەتییە ناودارەکان بە ڕێژەی (4.6%) پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە زیادبوونی کۆی خۆکوشتن هەبووە، بەشێوەیەک لە ماوەی نزیکەی (10) ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان خۆکوشتن لەو وڵاتە زیادیکردووە (M. Ueda, Kota Mori, T. Matsubayashi:2014). لەلایەکی دیکەوە لە هیندستان لە توێژینەوەیەکی هاوشێوەدا، دەرکەوتووە خۆکوشتنی کەسایەتییە ناودارەکان توانای تووشبوون بە خۆکوشتنی هەیە، بەتایبەتی کاتێک کە ڕاپۆرتەکانی میدیا ورد و ناهاوسەنگ بن، بۆ نموونە لە میانەی شیکردنەوەی (573) هەواڵ و ڕاپۆرتەکان دەرکەوت چەندین پێشێلکاری کراوە، لە (14.7%)ی ناونیشانەکاندا وشەی 'ناوبانگ' بەکارهاتووە، لەهەمان کاتدا (88.5%) وێنەی خۆکوژەکەیان بڵاوکردۆتەوە، وەسفکردنی وردی شێوازی خۆکوشتنەکەش بەڕێژەی (50.4%) هاتووە و، شوێنی خۆکوشتن بەڕێژەی (70.6%) باسکراوە (Menon, Kar, Varadharajan, Kaliamoorthy, Pattnaik, Sharma, Mukherjee, Shirahatti, Ransing, Padhy & Arafat: 2022).

2.خۆکوشتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: لە توێژینەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دیاردەی خۆکوشتن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکێکە لە مەترسیدارترین و قێزەونترین تاوانە کۆمەڵایەتییەکان کە واقیعی عێراقی بەدەستەوە دەناڵێنێ، بەتایبەت فەیسبووک، یوتیوب، تویتەر،

بلاکبێری و مەسنجەر، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زۆرێک لە حاڵەتەکانی خۆکوژی هەبووە، کە لەم دواییانەدا لە عێراقدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوەش بەهۆی نەبوونی هیچ چاودێرییەکی پەروەردەیی، چ لە لایەن خێزان، یان قوتابخانە، یان ئەو دامەزراوە ئاینیانەی کە پێشتر کارەکانیان کاریگەری بەهێز لە سنووردارکردنی ئەم دیاردەیە هەبوو (ناجی: 2017).

3 .میدیا و خۆکوشتنی خوێندکاران: لە ساڵی (2016) ژمارەی خۆکوشتنی خوێندکاران بەرامبەر بەخۆکوشتنی خەڵک بەگشتی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوی لە زیادبوون کردبوو، لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا کە لە هۆن کۆنگ لە بارەی ڕۆڵی میدیا لە ڕێگریکردن لە خۆکوشتنی خوێندکاران ئەنجامدراوە دەرکەوتووە پەیوەندییەکی کارلێکی لە نێوان خۆکوشتن و میدیا هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ئەوەیان توێژەران خستەڕوو، کە میدیاکان زۆر گرنگە ڕوماڵ و ڕاپۆرتی وەسفکردنی توند لە هەواڵی خۆکوشتنی خوێندکاران کەمبکەنەوە، لە بری ئەوە ڕاپۆرت و زانیاری لەبارەی چۆنیەتی خۆپارێزی بەردەوام بڵاوبکەنەوە، لە دوای چەند مانگێک کاریگەری ئەو جۆرە مامەڵەیەی میدیا دەرکەوت، چونکە کەمبوونەوەی خۆکوشتنی خوێندکاران بەدوای خۆیدا هێنا ( Cheng, Chen, Lee & Yip: 2018)

4 .هەوڵی خۆکوشتن وەک دیاردەیەک: لەلایەکی دیکەوە لە توێژینەوەیەکەیدا، کە لەبارەی هەوڵی خۆکوشتن وەک دیاردەیەک لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و، تێیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجامداوە، کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، دەرکەوتووە (35%) تاڕادەیەک شێوازی لاسایکردنەوەیان لە هەوڵی خۆکوشتن بەکارهێناوە، هەروەک ڕێژەی (33%) بەتەواوەتی ڕێگەی لاسایکردنەوەیان گرتۆتەبەر بۆ خوکوشتن، بۆ ئەوەش لاسایی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان و فیلم و دراماکانیان کردۆتەوە و، کەوتونەتە ژێر کاریگەری دیمەنەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە پێشنیازیکردوە سانسۆر بخرێتەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی جێبەجێکردنی بنەماکانی کاری ڕاگەیاندن و پابەندبوون بەبەها ئاکارییەکانی کۆمەڵگە (فائق: 2019).

5 .تویتەر و فێربوونی هزری خۆکوژی: لە توێژینەوەیەکی هاوبەشی دیکەدا کە لە وڵاتی هند لەسەر بەکارهێنەرانی تویتەر، کە مەیلی خۆکوژیان هەبووە ئەنجامیانداوە، (18756) تویتی ئەو کەسانەیان وەک نموونە وەرگرتووە، دەرکەوتووە ئەوان بە ئازادی نیەتەکانیان بەیەکەوە باس دەکەن و، وشەکانی وەک "ژیان"، "خۆکوشتن"، "مردن"، "کوشتن"، "خەمۆکی" لە تویتەکانیان بەکاردەهێنن. هەروەها وشەکانی وەک "هەست بکە"، "دەمەوێت"، "بیربکەرەوە" لە پۆستەکانیاندا هەن کە ئاماژەن بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەستی بەکارهێنەرانی خۆکوژی. بۆ نموونە هەندێک لە بەکارهێنەرانی تویتەر کە بیرۆکەی خۆکوشتنیان هەیە بەم شێوەیە دەنووسن "دەمەوێت کۆتایی بە ژیانم بهێنم، لێرە کەسم نییە، ئەمڕۆ نیازمە کۆتایی بەژیانم بهێنم". لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتووە (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و بێهیوایی) گرنگترین نەخۆشیە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێنەران بووە(Rabani, Khan & Khanday: 2020).

6 .میدیا وەک ئامرازێکی هاندانی دیاردەی خۆکوشتن: لە توێژینەوەکەی دیکەدا کە لە وڵاتی (مصر) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەو دیمەنە توندوتیژی و کوشتنانەی لەڕێگەی میدیاوە پیشان دەدرێ، یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆکوشتن، بەتایبەتی لای گەنجان، کە تەقلیدکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانیان و ئەزموون و زانیارییان لە ژیاندا نییە، هەروەها خراپ مامەڵەکردنی میدیاکان لەگەڵ نمونە جیاوازەکانی دیاردەی خۆکوشتن، وەک پێشاندانی چیرۆکی کەسایەتییە بەناوبانگەکان کە خۆیان کوشتووە، وا لەو کەسانە دەکات، کە بەدەست کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە دەناڵێنن پەنا ببەنە بەر خۆکوشتن. هەروەها هەندێک لە ڕۆژنامەکان بە شێوازێکی بنکۆڵکاری ورد مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی خۆکوژی دەکەن، بەشێوازی وروژاندن و سەرەنجراکێشان وەک چیرۆکێکی گرنگ لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوی دەکەنەوە، ئەو جۆرە مامەڵەیە کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە (عبدالعال: 2021).

7.کوالیتی ڕاپۆرتکردنی میدیایی لەبارەی خۆکوشتن لە وڵاتان: لە دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستیدا کە لەسەر ئاستی **عێراق** ئەنجامدراوە، توێژەران دەریدەخەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە هەواڵی پەیوەست بەخۆکوشتن بە شێوەیەکی خراپ پابەندی ڕێنماییە نێودەوڵەتیەکانی بوارەکە بوونە؛ لە بەرامبەردا، بە کردەوە هیچ گرنگییەک بە خستنەڕووی زانیاری پەروەردەیی و خۆپارێزی لە چیرۆکەکانی خۆکوژیدا نەبوو. توێژینەوەکە (130) ڕاپۆرتە هەواڵی بەزمانەکانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) لە (14) دامەزراوەی ڕاگەیاندن وەک نموونە وەرگرتووە و شیکردنەوەیان بۆ کردوە، دەرکەوتووە ئەو هەواڵانەی بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە زیاتر زانیاری پەروەردەیی یارمەتیدەریان لەخۆگرتبوو بە بەراورد بە ڕاپۆرتەکانی زمانی کوردی و عەرەبی. هەروەها دەرئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن لە (94.6٪)دا مانشێتەکاندا وشەی خۆکوشتن بەکارهاتووە، زیاتر لە (90%)ی ڕاپۆرتەکان چیرۆکەکانیان بە وێنە وێنا کردووە، لەگەڵ وێنەی خۆکوژ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (88.5٪)دا باس لە شوێنی کوشتن و شێوازی خۆکوشتنەکان کراوە. هەروەها شێوازی خۆکوشتن لە مانشێتی نزیکەی (27.7%)ی راپۆرتەکاندا هاتووە، بەرێژەی زیاتریش زانیارییەکانی پەیوەست بەشوناسی کەسی خۆکوژ بڵاوکراونەتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە تەنها بەرێژەی (6.9%) بیرورای پسپۆڕان وەرگیراوە (Arafat, Ahmad, Saeed, Menon, Shoib & Kar: 2021). هەروەها لە میانەی توێژینەوەیەکی شیکاری کە بۆ شەش رۆژنامەی زمانی ئینگلیزی لە **نیپاڵ** لە ماوەی دووساڵدا ( 2019, 2020) ئەنجامدراوە، دەرکەوت (165) بابەت و هەواڵ و راپۆرتیان لەبارەی خۆکوشتن بڵاوکردۆتەوە، بەرێژەی (97.6%) پێشێلی راسپاردەکانیان کردووە، باوترین پێشێلکارییەکان باسکردنی شێوازی خۆکوشتن و بەکارهێنانی زاراوەی نەگونجاو لە وەسفکردنی خۆکوشتن بووە، دواتر باسیان لە هۆکاری خۆکوشتن کردوە، بەڵام بەرێژەیەکی کەم زانیاری یارمەتیدەریان بۆ رێگریکردن لە خۆکوشتن باسکردوە.(Sharma, Timasina, Singh, Gyawali, Marahatta & Arafat: 2022).

## 3. لایەنە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە

3.1 تیۆرەکانی توێژینەوەکە

1 .تیۆری ئەنۆمی ئەمیل دۆرکهایم "ئەمیل دۆرکهایمی کۆمەڵناسی فەرەنسی، بۆ یەکەمجار چەمکی ئەنۆمی وەکو چەمکێکی کۆمەڵناسی لە کتێبی "دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا" ناساند و پاشان لە کتێبی "خۆکوشتندا" زیاتر پەرەی پێدا" (Bernburg, 2019; 3). "بەلای ئەمیل دۆرکهایمەوە ئەنۆمی پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە کۆویژدانەوە هەیە. کۆویژدان بەلای دۆرکهایمەوە بریتیە لە ئەخلاقی هاوبەش، واتا نۆرم و باوەڕ و بەهای هاوبەش. دۆرکهایم لە کتێبی خۆکوشتندا بە شێوەیەکی ڕیشەیی تیۆری ئەنۆمی خۆی پەیرەو کردووە (Ritzer, 2016: 16)و " بە گشتی دوو هۆکاری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی دۆخی ئەنۆمی دەستنیشان دەکات، یەکەمیان بریتیە لە گۆڕانی خێرای کۆمەڵگە، واتە پەڕینەوە لە هاوبەندی میکانیکی بەرەو هاوبەندی ئۆرگانیك ماوەیەکی پێدەچێ، تایبەتمەندی ئەو ماوەی پەڕینەوەیە، نەمانی سیستمی پێوەر و نۆرم و رێساکانە. دووەمیان بریتیە لە تێرنەبونی هێزی ئارەزووە سەرکێش و زیادەخوازەکەی ناخی مرۆڤ، واتە تێرنەبوونی ویست و پێداویستیەکان ڕەگیان لە زاتی مرۆڤدایە" (محەممەد، 2019: 61-63). دۆرکهایم هەر لە کتێبی خۆکوشتندا دەڵێ: "پێویستە هێزێکی رێکخەر هەمان رۆڵی پێداویستیە ئەخلاقیەکان بگێڕێ کە ئۆرگانیزم بۆ پێداویستیە

فیزیکیەکان دەیگێڕێ، جا کۆمەڵگەش تاکە هێزێکە بتوانێ ئەو رۆڵی نێوانگیریە بگێڕێ" (Durkhheim, 1897; 248).

"لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە ئەوەی دەبێتە هۆی قەیران و کێشەی کۆمەڵایەتی، هەژاری یا خۆشگوزەرانی ئابووری نییە، بەڵکو لەناکاوی گۆڕانکارییەکان و ئەو ناوهاسەنگیەیە کە بە هۆی گۆڕانی لەناکاوەوە سەرهەڵدەدا، چونکە ئەگەر گۆڕانکارییەکان بە ئارامی و لەسەرخۆ ڕوودەن، مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ و لەگەڵیاندا هەماهەنگ بێ، بەڵام ئەگەر لەناکاو بن ئەوە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ و، کۆمەڵگەش دەکەوێتە دۆخی پشێوی و ناهاوسەنگییەوە" (نایبی و ئەوانی دیکە، 2017: 16). "لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە، گۆڕانی لەناکاوی ئابووری یا کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بەرەڵایی و پشێوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەوەش بناغەی بێ نەزمی و نەخۆشیە لە کۆمەڵگەدا. چونکە ڕێسا و نۆرمە باوەکانی گروپ دەکەوێتە نێو دۆخی فەوزا و شڵەژانەوە (Carter, 2006; 15).

بە کورتی دۆرکهایم پێی وایە لە دۆخی گۆڕانی لەناکاوی ئابووریدا، یان کۆمەڵایەتی ئامانجەکان و کەرەستەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە گۆڕانیان بەسەردا دێ و دۆخێك دێتە کایەوە کە پێی دەوترێ دۆخی ئەنۆمی. لەم بارودۆخەدا نۆرمە هاوبەشەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هێز و دەسەڵاتی جارانیان نامێنێ و تاکەکانیش خەون و ئارەزووەکانیان بەڕادەیەکی زۆر گەورە دەبێ، بەڵام کەرەستە و توانا بەردەستەکان زەمینەی گەیشتن بەو ئامانج و ئارەزووانەیان بۆ نارەخسێنێ، بۆیە، لەسایەی لاوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا، دەکەونە سۆراخی ڕێگەی دیکە بۆ تێرکردنی ئاوات و ئامانجەکانیان، میدیاش هزری گەیشتن بەئامانج و ئارەزووەکانیانی فروانتر دەکات، بەڵام کاتێک ناتوانن بەئامانجەکانیان بگەن بەسوود وەرگرتن لە پەیامەکانی میدیا یەکێکە لە ڕێگە نارەوا و ناپەسەندەکانی بەدی هێنانی خەونەکان پەیرەو دەکەن بۆ نموونە پەنا دەبنە بەر خۆکوشتن، بەو هۆیەشەوە ڕادەی دیاردەی خۆکوشتن بەرز دەبێتەوە.

2 . تیوری لاساییکردنەوەی گابریێل تارد :ئەم تیورە بە ناوەکەیەوە دیارە کە باس لە لاساییکردنەوە دەکات، خاوەنی ئەم تیورە زانای فەرەنسی (گابریێل تارد)ە، کە پێی وایە تاوان وەک هەر رەفتاریکی تری نێو کۆمەڵگە لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و چاولێکردنەوە دەگوازریتەوە نەوەک لە ڕێگەی بۆماوەیەوە. بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونەی پێیوایە زۆرینەی دانیشتوان بیروبۆچون و ڕەفتار و ئارەزوەکانیان لە ڕێگەی لاساییکردنە و بەدەست دێنن نەوەک بە سروشتی لە لایان هەبوو

بێت. تارد سەرکەوتو بوو لە پێکەوەنانی تیوری کۆمەڵناسی تاوان لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسیدا(مصطفی، 2020: 15). ئەم تیورە دەکرێت بە تیوری زانین لە قەڵەم بدرێت، بەجۆرێک کە تارد پێی وایە کاتێک تاک لە دایک دەبێت و لە ژینگەیەک گەورە دەبێت، ئەو کاتە رەفتارەکان لە دەوروبەرییەوە فێردەبێت لە ڕێگەی چاولێکەرییەوە، بۆیە ئەمە وەک زانین لەقەڵەم دەدرێت.

تارد تیورەکەی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دارِشتووە؛ یەکەمیان ئەوەیە هەرکاتێک تاکەکان بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی زیاتر بێت لاساییکردنەوە زیاتر دەبێت، ئەمەش لە شار زیاترە وەک لە لادێ، دووەم لاسایکردنەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، بۆیە بچوکەکان لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، هەروەک هەژارەکانیش لاسایی دەوڵەمەندەکان دەکەنەوە، سێیەم یاسا پەیوەندی بەگۆڕانی شێوازی ئەنجامدانی تاوان هەیە، بۆ نموونە پێشتر ئەوەی بەچەقۆ دەکرا، ئێستا بەچەک دەکرێ(Moghadam, Fakheri, Milani: 2014: 20).

ئەم تیۆرییە تاک بە بەشێک لە گروپەکەی دەزانێت، لە ڕێگەی گروپەکەیەوە فێری خۆشویستن یان ڕقلێبوونەوە دەبێت، لای تارد ئەم نەریتە جۆرێکە لە پەیوەندی و بەبێ ئەو دیاردەی کۆمەڵایەتی بوونی نەدەبوو. لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە دەروونییەوەیە کە لە نێوان دوو کەسدا هەیە، یەکێکیان بابەتی لاساییکردنەوەکەیە و ئەوی دیکەیان ڕەفتارەکانیان بەرهەم دەهێنێتەوە. خۆکوشتنیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، تارد پێی وایە تاکەکان تەنانەت لە هەمان کۆمەڵگەدا لە وەڵامدانەوەیان جیاوازن بۆ ئەو دیاردانەی کە دەورەیان داوە، ئینجا لە کاریگەریی، هەڵوێست، توانای بەرگەگرتن، پلەی لاوازی بەرامبەر بە هۆکارەکانی دەوروبەر، ڕادەی پابەندبوون بە بەها و خووەکانەوە جیاوازن، ئینجا دەڵێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرپرسیار بێت لە کردەوەکانی، دەبێت عەقڵی ساغ بێت و، ڕێگەی پێبدات هەست بەشتەکان بکات، ئەمەش بە"ناسنامەی تاکەکەسی"ناودەبات (Tonkonoff, 2013: 271-272). ئەم بۆچوونانەی گابرییێل تارد زەمینەی بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆڵە خۆشکرد، کە ڕای گشتی و ماس میدیا لە کۆمەڵگادا دەیگێڕن، تارد لە ڕێگەی توێژینەوە ئەزموونییەکانییەوە سەرنجی بۆ ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیانە ڕاکێشا کە فۆرمەکانی ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوە و هەستەکان چۆن لە گروپەوە بەرێگەی لاساییکردنەوە بۆ یەکێکی دیکە تێدەپەڕێ، ئەوەش جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی میدیا لە چالاککردنی پرۆسەی لاساییکردنەوە (دعیبل، 2017). میدیا لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی زۆری لە بڵاوکردنەوەی پەتای لادان و

لاساییکردنەوە هەیە، هەربۆیە دوای ئەوەی تارد بۆچونەکانی لە تیوری لاساییکردنەوە خستەڕوو، ئارەزووی توێژینەوەکردن لە پرسی میدیا و ڕەهەند و کاریگەرییەکانی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، لە کارەکانی کۆمەڵێک زانا ڕەنگیدایەوە، لەنێویاندا ڕۆبەرت مێرتۆن و شرام و ئەوانی تر.

خۆکوشتن-یش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و، باسکردنی لە میدیا بەشێوەیەکی ڕەها دەبێتە هۆکارێک بۆ لاساییکردنەوەی تەکنیک و شێوازەکانی کەسانی دیکە، چونکە لە سەرەتادا دامەزراوە میدیاییەکان وەک کەناڵێکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی درکیان بەکاریگەری لاساییکردنەوەی نەکردبوو، لە هەواڵەکاندا هەموو شتێکیان لەبارەی کەسێکی خۆکوژ بڵاودەکردەوە، بەڵام دواتر توێژینەوە زانستیەکان سەلماندیان کە نابێ هەموو شتێک لەبارەی خۆکوشتن لە میدیا باس بکرێ، چونکە شیمانەی لاسایکردنەوە دەکرێ بەتایبەت لە نێو ئەو کەسانەی بەدەست بەهەمان دۆخ و گرفت دەناڵێنن.

## 3.2 تایبەتمەندییەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی

بۆ ئەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی بناسینەوە و لە بابەتەکانی دیکەی وەك (مۆدە، نەریت، ڕێورەسم، یاسا، ڕێسا، لادان و گرفت..هتد) لەناو کۆمەڵگە جیای بکەینەوە، پێویستە ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی بکەین، چونکە " کاتێك من ئەرکی خۆم وەك برا، یان باوك، مێرد، یان هاوڵاتیەك ئەنجام ئەدەم، یان کاتێك بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەسەری ڕێککەوتوین کار دەکەم، من ئەرکێکی ئاسایی جێبەجێ دەکەم، داب و نەریت و یاسا دیاریان نەکردوە، زۆر جاری واش ڕێك دەکەوێت وردەکاری ئەرکەکانمان نازانین، بۆ شارەزابوونیان دەبێ بگەڕینەوە سەر کتێبەکانی یاسا، بەهەمان شێوە بیروباوەڕ و ڕێورەسمی ئاینیش هەر وایە، هەروەها ئەو سیستمە هێماییەی من بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونی خۆم بەکاری دێنم، ئەو دراوەی بۆ قەرزەکانم بەکاری دێنم، ئەو کارەی بەپێی نەریتێك لە پیشەکەمدا بەڕێوەدەچێت...هتد، هەمووی لە شێوەی بەکارهێنایان لەلایەن منەوە سەربەخۆ لەکاردان"(شوانی، 2011 : 7). لەلای دورکهایم دیاردەی کۆمەڵایەتی سیما و تایبەتمەندی دیاریکراویان هەیە، کە بریتین لە:

1 .دیاردەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیە، نەك ئاژەڵی، یان سروشتی.

2 . دیاردە کۆمەڵایەتیەکان واقیعین، واتا شتێکی بەرجەستەکراوە و لەکۆمەڵگەدا بەڕاستی بوونی هەیەوە دەبینرێت(eshamel: 2010) وەک دیاردەی خۆکوشتن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 .کۆمەڵناسی وەکو بوونەوەرێکی بەرجەستەی نێو واقیع دیراسەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکات، نەك وەك ئەوەی کە دەبێت هەبێت (الدليمي، 2011 :21 )، بۆ نمونە توێژەری کۆمەڵایەتی لە دیراسەکردنی کۆمەڵێك خەڵك کە باوەڕیان بەخۆکوشتنە، بواری ئەوەی نیە توێژینەوە لەسەر سەلماندنی خۆکوشتن بکات، بەڵکو توێژینەوە لەسەر هۆکار و پاڵنەر و شێوازی خۆکوشتن دەکات.

4 .دیاردەیەکی گشتیە نەك دیاردەیەکی تاکە کەسی.

5 .دیاردەی کۆمەڵایەتی لە خۆ وەییە، بەرئەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکانی ئاوەدانی مرۆییە.

6 .دیاردەی کۆمەڵایەتی خەسڵەتی گشتی و بەربڵاوی هەیە ( General) (eshamel: 2010).

7 .دیاردە کۆمەڵایەتیەکان مێژوویین، بەڵام شێوە و دەرکەوتنەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەك دیاردەی خۆکوشتن کە مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام شێواز و جۆر و هۆکار و پاڵنەرەکانی لە قۆناغە جیاکانی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەر ماوە (الدليمي،2011 :21 ).

## 4. دیاردەی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان و مامەڵەی میدیاکاران

4.1 .دیاردەی خۆکوشتن لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان :لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا ژمارەی دیاردەی خۆکوشتن گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، وەک ئەوەی لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

خشتەی (1) خۆکوشتن بەپێی ساڵەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پیشان دەدات

| پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 54 | 50 | 77 | 71 | 56 | 308 |
| سلێمانی | 82 | 95 | 83 | 111 | 98 | 469 |
| دهۆک | 56 | 62 | 45 | 48 | 60 | 271 |
| هەڵەبجە | 0 | 3 | 6 | 2 | 1 | 12 |
| سۆران | 7 | 13 | 7 | 17 | 7 | 51 |
| گەرمیان | 6 | 5 | 3 | 6 | 3 | 23 |
| ڕاپەڕین | 10 | 11 | 6 | 10 | 12 | 49 |
| کۆی گشتی | **215** | **239** | **227** | **265** | **237** | **1183** |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئامار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتەی (1)دا دەرکەوتووە لە ماوەی پێنچ ساڵی ڕابردودا زۆرترین ژمارەی خۆکوشتن لە پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە، کە ڕێژەکەی (39.64 %) کۆی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ، زۆرترین ژمارەش لە ساڵی (2021) تۆمار کراوە، پاشان پارێزگای هەولێر دێ کە ڕێژەی زیاتر لە (26 %) لەهەمان ماوەدا دیاردەی کوشتن تۆمار کراوە، لە پارێزگای دهۆک لەو ماوەیەدا بەتۆمارکردنی (271) خۆکوشتن بەڕێزبەندی سێیەم دێ، دواتریش ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دێ کە (51) دیاردەی خۆکوشتن و لە ڕاپەڕین (49) لە گەرمیانیش (23) دیاردەی خۆکوشتن تۆمار کراوە، لە کۆتایشدا پارێزگای هەڵەبجە دێ، کە لەو ماوەیەدا ڕێژەی تەنها (1 %) کۆی گشتی ئەو خۆکوشتانەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

4.2.دیاردەی خۆکوشتن بەپێی ڕەگەز :جیاوازی ڕەگەزی لە دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەکان بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ، لە خشتەی (2) دیاردەی خۆکوشتن لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕەگەز پیشان دەدات.

خشتەی (2) دیاردەی خۆکوشتن لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕەگەز پیشان دەدات

| پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ | نیر | مێ |
|---|---|---|
| هەولێر | 214 | 94 |
| سلێمانی | 252 | 217 |
| دهۆک | 182 | 89 |
| هەڵەبجە | 6 | 6 |
| سۆران | 48 | 3 |
| گەرمیان | 19 | 4 |
| ڕاپەڕین | 28 | 21 |
| کۆی گشتی | 749 | 434 |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئامار

بەپێی خشتەی ژمارە (2) دەرکەوتووە ڕێژەی (63.31 %)ی خۆکوشتن لە ڕەگەزی نێرە، هەروەک (% 36.69) لە ڕەگەزی مێیە، بەشێوەیەک ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتیە لە (% 69.48)، هەروەک ڕەگەزی مێ بریتیە لە (% 30.52)، لە پارێزگای سلێمانیش هەر ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر زیاترە، بەشێوەیەک گەیشتۆتە (% 53.73) ڕێژەی (مێ)ش (% 46.27) پێکدەهێنێ، هەرچی پارێزگای دهۆک ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر بریتیە لە (% 67.15)، ڕەگەزی مێ بریتیە لە (% 32.85) بەراورد بەهەرسێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر و مێ لە پارێزگای هەڵەبجەبەڕێژەی (% 50) یەکسانە.

ئەم ڕێژانە لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکانیش جیاوازن، بۆ نموونە ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران زۆر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، بەشێوەیەک گەیشتۆتە (% 94.11) ئەوە لە کاتێکدایە ڕێژەی مێ تەنها (% 5.89)ە، لە گەرمیان ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر بریتیە لە (% 82.6)، بەڵام ڕەگەزی مێ تەنها (% 17.4)، یە، لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینیش لە هەمان ماوەدا ڕێژەی خۆکوشتنی نێر کەمبۆتەوە بۆ (% 57.14) و ڕەگەزی (مێ)یش گەیشتۆتە (% 42.86). لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەماوەی (5) ساڵدا لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، کە گەیشتۆتە (% 94.11)، هەروەک کەمترین ڕێژەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر لە پارێزگای هەڵەبجەیە کە بریتیە لە (% 50)، بۆ ڕەگەزی (مێ)ش زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتن دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە بریتیە لە (% 46.27) کەمترین دەکەوێتە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە دەکاتە (% 5.89). جیاوازی ئەم ژمارانەش ئەشێ پەیوەندی بەو باگراوندە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیەوە هەبێ، کە لەو ناوچانەدا زاڵن. لێرەدا بەسەرەنجدان لە داتاکان ڕوون دەبێتەوە، کە ژمارەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، ئەوە لە کاتێکدایە میدیاکان وا پیشانی دەدەن، کە خۆکوشتنی ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر.

4.3 مامەڵە و کواڵیتی ڕاپۆرتە هەواڵەکانی میدیای کوردی لەگەڵ دیاردەی خۆکوشتن :بۆ زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردنی کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ دیاردەی خۆکوشتن، توێژەران بۆ ماوەی سێ مانگ (2022/1/1) تا (2022/3/31) ڕۆژانە چاودێری (17) کەناڵی جیاوازیان کرد، لەو ماوەیەدا ئەو کەناڵانە کە لە شێوەی (1) پیشاندراوە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەش بوون (126) هەواڵی تایبەت بە(خۆکوشتن)یان بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی (١) بڵاوکردنەوەی ژمارەی هەواڵەکانی خۆکوشتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان پیشان دەدات

چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بەخۆکوشتن پێویستی بەهەڵوەستەکردنێکی جدی هەیە، چونکە زۆربەی زۆری هەواڵەکان لە بری ئەوەی هاندان بن بۆ دورکەوتنەوە لە خۆکوشـــتن، بونەتە بەشـــێک لە هاندان و ڕێگەخۆشـــکردن بۆ زیادبونی ڕێژەی خۆکوشتن، وەک ئەوەی لە خشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

خشتەی (3) کوالێتی ڕوماڵی هەواڵەکانی خۆکوشتن لە میدیای کوردی پیشان دەدات

| تایبەتمەندییەکان | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| **ناونیشانی هەواڵ** | وشەی خۆخۆکوشتن هاتووە | 104 | 82.53 % |
| | باسی شێوازی خۆخۆکوشتن کراوە | 42 | 33.33 % |
| | ڕوداوەکانی ژیانی باسکراوە | 31 | 24.6 % |
| **جۆری هەواڵەکە** | هۆکاری خۆکوشتن باسکراوە | 47 | 37.3 % |
| | شێوازی خۆکوشتن | 103 | 81.74 % |
| | شوێنی خۆکوشتن | 95 | 75.39 % |
| | بەشێوەی وەسفی باسکراوە | 80 | 63.49 % |
| **ناسنامەی کەسی** | ناوی | 40 | 31.74 % |
| | پیشەی | 57 | 45.2 % |
| | ڕەگەزی نێر | 87 | 69 % |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| تایبەتمەندییەکان | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | مێ | 39 | 30.95 % |
| **فۆتۆ** | وێنەی قوربانی دانراوە | 22 | 17.5 % |
| | وێنەی گوزارشتی | 72 | 57.14 % |
| | هەر وێنەیەک | 31 | 24.6 % |
| **لایەنی پەروەردەیی** | بۆچوونی پسپۆڕان | 0 | 0 % |
| | بەرنامەی خۆپاراستن | 0 | 0 % |
| | هەر زانیارییەکی پەروەردەیی | 0 | 0 % |
| | داتا و توێژینەوە | 9 | 7.5 % |
| **کۆی گشتی هەواڵەکان** | | **126** | **% 100** |

وەک لە خشتەی (3) لە کۆی (126) هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ لە (17) کەناڵی میدیا لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە، لە ناونیشانی هەواڵەکاندا بەرێژەی (% 82.53) وشەی خۆکوشتن هاتووە، هەر پەیوەست بەناونیشانەکان بەرێژەی (% 33.33) باسی شێوازی خۆکوشتن کراوە، بەرێژەی (% 24.6) ڕوداوەکانی ژیانی کەسی خۆکوژ لە ناونیشانی هەواڵەکەدا باسکراوە. سەبارەت بەجۆر و کوالیتی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکان دەرکەوتووە بەرێژەی (% 81.74) باسی شێوازی خۆکوشتنەکەیان کردوە، دواتر بەرێژەی (% 75.39) باسی شوێنی خۆکوشتن کراوە، هەروەک بەرێژەی (% 63.49) بەشێوەی وەسفی هەواڵەکانیان دارشتوە، ئەوە لە کاتێکدا بەرێژەی (% 37.3) لە هەواڵەکاندا باسی هۆکارەکانی خۆکوشتنی کەسی خۆکوژ کراوە.

ئەوەی پەیوەستە بەناسنامە و ژیانی کەسی خۆکوژ، بەشێوەیەکی گشتی میدیاکان نەیاتوانیوە مامەڵەیەکی تەندروست بکەن بۆ نموونە بەرێژەی (% 31.74) ناوی سیانی کەسی خۆکوژ لە هەواڵەکاندا هاتووە، بەرێژەی (% 45.2) پیشەکەیان باسکردوە، بۆ ڕەگەزەکانیان (% 100) باسکراوە، هەروەها وێنەی کەسانی خۆکوژ بەرێژەی (% 17.5) دانراوە، هەروەها ئەو وێنانەی گوزارشت لە خۆکوشتن و شێوازی خۆکوشتن دەکەن بەرێژەی (% 57.14) لە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا هاتووە، لە ڕێژەی (% 24.6) هەواڵەکاندا وێنەی شار و ناوچە جیاوازەکان یان لۆگۆی کەناڵی میدیا دانراوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی گرنگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوشتندا هەبێ بریتیە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیری، بەڵام لە ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو (126) هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکەوت بەهیچ شـێوەیەک لایەنی پەروەردەی هۆشـیاری ڕەچاو نەکراوە، چونکە لە بڵاوکردنەوەی هیچ هەواڵێک بۆچوونی پسـپۆڕانی کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و خەڵکی پسـپۆڕ وەرنەگیراوە، لەهەمانکاتدا بەهیچ جۆرێک بەرنامەی خۆپاراستن و چۆنیەتی دورکەوتنەوە لە خۆکوشتن لە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا ئاماژەی پێنەدراوە و، هیچ زانیارییەکی پەروەردەیش باس نەکراوە، بەڵام بەرێژەی (% 7.5) هەندێ داتا و ئامار و توێژینەوە لە (9) هەواڵ خراوەتەڕوو، ئەو داتا و ئامارانەش لە بری ئەوەی بیکەنە دەرفەتێک بۆ چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆنەتە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەشـبینیی و ترس و بێ هیوایی لەناو خەڵک و ئەوانەی گرفتی هاوشێوەی کەسانی خۆکوژەکانیان هەبووە.

4.4 پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانی میدیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی خۆکوشتن :بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوشتن لە کەناڵەکانی میدیا یەکێکە لەو بابەتانەی مشتومڕێکی زۆری لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵناسان و دەروناسان و پزیشکانی دەرونی لەسەر ئاستی جیهان دروستکردوە، ڕۆژنامەنوسان بەگرنگیەوە جەخت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوشتن دەکەنەوە پێیان وایە هەواڵی خۆکوشتن ئامرازێکی گرنگە بۆ هۆشیاریکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەک بە بەشێک لە ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی لێی دەڕوانن، بەڵام لە بری ئەوەی بکرێتە وێستگەیەک بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت ئەوانەی بەدەست گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستیەکانەوە دەناڵێنن، بۆتە هۆکارێکی بۆ وروژاندن و سەرەنجڕاکێشان و هاندانی ئەو کەسانەی بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە خۆیان بکوژن، ئەوە جگە لە کۆکردنەوەی بینەری و خوێنەر و بەرزکردنەوەی ڕانگی وێبسایت و پێگەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا میدیاکان لە هەرێمی کوردستان هەواڵی زۆریان لەسەر دیاردەی خۆکۆشتن بڵاودەکردەوە، ئەوەش بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕەشبینیی و ترس و بێ هیوایی و بێزاری و بێتاقەتی لەناو خەڵکدا، ئەوەش کاردانەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ نموونە ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی(PDO) ، لە بەیاننامەیەکدا داوای لە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرد "بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆکوشتن ڕابگرن"، چونکە چۆنیەتی شێوازی ڕووماڵکردنی حاڵەتەکان هۆکارێکن بۆ چاولێکەریی و، بڵاوکردنەوەی ڕەشبینیی و ترس و بێ هیوایی لەناو خەڵکدا، (RojNews: 2021).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ هەمان مەبەست چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر، لە بواری ڕاگەیاندندا لە ڕێکەوتی (2022/6/8) وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەفەرمانی ژمارە (638) پاڵپشت بەنوسراوێکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رووماڵی دیاردەی خۆکوشتنی لە راگەیاندنەکان قەدەغە کرد، بەهۆی ئەوەی ڕووماڵی ئەو جۆرە تاوانانە بۆتە هۆی هاندانی خەڵکی تر بۆ دوبارکردنەوەی هەمان ڕەفتار. کەواتە میدیاکان لە نێوان قەدەغەکردنی ڕوماڵی هەواڵەکانی خۆکوشتن و، خۆکوشتن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چۆن مامەڵە بکەن، ئایا ئیتیکی و پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانی بواری میدیایی بۆ ئەم بابەتە چیە و، وڵاتان چۆن نەخشەڕێی ئەو کارەیان دارشتوە؟

لە ساڵی (1999) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەستپێشخەرییەکی جیهانیی بەناونیشانی (SUPRE) بۆ خۆپاراستن لە خۆکوشتن ڕاگەیاند و ئاراستەی گروپە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی جیاکانی کرد، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە خۆپاراستن لە خۆکوشتنەوە هەبوو وەک میدیا، پەروەردەکاران، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، حکومەتەکان، یاسادانەران، جێبەجێکارانی یاسا، خێزان لە بواری میدیادا، لە ساڵی (2008) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەهاوکاری کۆمەڵەی نێودەوڵەتی خۆپاراستن لە خۆکوشتن (IASP) و ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێسی ئەمریکی پرنسیپە گشتیەکانی چۆنیەتی ڕوماڵی خۆکوشتنی بڵاوکردەوە (WHO, 2017: 4-8)، کە بریتین لە:

1 .زانیاری و یارمەتی پێشکەش بکە: پێویستە لە کۆتایی هەر چیرۆکە هەواڵێک سەبارەت بە خۆکوشتن زانیاری و داوای یارمەتی دابنرێت، لەوانە زانیاری لەبارەی سەرچاوە تایبەتەکانی ناوەندەکانی خۆپاراستن لە خۆکوشتن، ئەو زانیارییانە گرنگن بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵیانداوە زیان بە خۆیان بگەێنن، یان لە ئەنجامی چیرۆکەکانی خۆکوشتن دوچاری نارەحەتی و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بوون.

2 .دەرفەتەکە بقۆزنەوە بۆ پەروەردەکردنی خەڵک و ڕای گشتی لەبارەی خۆکوشتن.

3 .ڕاپۆرتە هەواڵ لەبارەی ئەو کەسانە بکە، کە چۆن ڕووبەڕووی سترێسیەکانی ژیان یان بیرکردنەوەی لە خۆکوشتن بونەتەوە: لەوانەیە ئەو چیرۆکانە ببنە هاندەرێک و یارمەتی کەسانی دیکە بدات.

4 .هۆشیاری تایبەت لە ڕاپۆرتکردنی خۆکوشتنی کەسایەتییە ناودارەکان: شکۆمەندکردنی مردنی کەسایەتییەکی ناودار لەوانەیە ئەوە پیشان بدات کە کۆمەڵگە ڕێز لە ڕەفتاری خۆکوژی دەگرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە نابێ هەواڵەکە سەرەنجڕاکێش بێ و باس لەوە بکرێ کە خۆی کوشتووە، بەڵکو گرنگی بە ژیانی کەسایەتییە ناودارەکە بدە، کە چۆن بەشداری لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا کردوە.

5 .ڕەچاوکردنی دۆخی خێزان و هاوڕێیان، کە بەهۆی خۆکوشتنەوە خەمبارن: هەرگیز نابێت بە سووکی سەیر بکرێت .ئەم جۆرە کەسانە لە کاتێکدا کە مامەڵە لەگەڵ خەمەکانیان دەکەن، مەترسی خۆکوشتن یان زیانگەیاندن بە خۆیان زیاترە، چونکە بێهێزن و خاوەن خەم و پرسەن.
6 .ڕەنگە میدیاکاران خۆیان بەچیرۆکەکانی تایبەت بە خۆکوشتن کاریگەر بن: ئامادەکردنی چیرۆکە هەواڵێک سەبارەت بە خۆکوشتنی تاکێک دەتوانێت ڕەنگدانەوەی لەسەر میدیاکار هەبێت بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی خۆجێی بچوک، کە میدیاکار پەیوەندییەکی بەهێزی تێدا هەیە. بۆیە گرنگە دامەزراوە میدیایەکان پشتگیری تەواویان بکەن و خول و ڕاهێنانیان بۆ بکەنەوە.
7 .خۆتان بەدوور بگرن لە شوێنی بەرچاو و کاتی دیاری بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوشتن: باشترە لە ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی گشتی هەواڵەکانی خۆکوشتن لای خوارەوەی لاپەڕەکانی ناوەوە بێت، نەک لە لاپەڕەی یەکەم یان لە سەرەوەی لاپەڕەیەکی ناوەوە. بە هەمان شێوە، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ پێویستە هەواڵی خۆکوشتن لە ڕیزبەندی کۆتایی هەواڵەکان دابنرێ.
8 .دوور بکەوە لەو زمانانەی کە خۆکوشتن هەستیار دەکات یان ئاسایی دەکاتەوە، یان وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکان دەیخاتە ڕوو: باشترە وشەکانی (کۆچی دواییکرد، ژیانی لەدەستدا) بەکاربهێنرێ، هەروەها نابێ زاراوەی وەک ‘خۆکوشتنی سەرکەوتوو نەبوو’، ‘خۆکوشتنی سەرکەوتوو’ بەکاربهێندرێ، چونکە ئەمە مانای ئەوەیە، کە مردن دەرئەنجامێکی خوازراوە.
9 .دوور بکەوەرەوە لە وەسفکردنی ڕوونی شێوازی خۆکوشتن: پێویستە میدیاکاران لە باسکردنی وردی ئەو شێوازە خۆیان بەدوور بگرین کە لە خۆکوشتن یان هەوڵی خۆکوشتندا بەکارهاتووە، چونکە وەسفێکی هەنگاو بە هەنگاو لەوانەیە کەسانی لاواز هان بدات بۆ کۆپیکردنی کردەوەکە، هەروەک پێویستە زۆر بەوریایی مامەڵە لەگەڵ شێوازی خۆکوشتن نائاسایی بکرێ.
10 .خۆتان بەدوور بگرن لە باسکردنی شوێنی خۆکوشتن: هەندێک جار شوێنێک دەتوانێت ناوبانگێک بەخۆکوشتن بدات وەک پردێک، بینایەکی بەرز، یان وێستگەیەکی شەمەندەفەر یان پەڕینەوەیەک.
11 .بەوریایی مامەڵە لەگەڵ وشەکانی سەردێر و مانشێتی هەواڵی خۆکوشتن بکە: لە بنەڕەتدا مانشێتەکان بە شێوەیەک دادەڕێژرێن، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن، بەڵام لە هەواڵی خۆکوشتندا پێویستە میدیاکار خۆی لە بەکارهێنانی وشەی ‘خۆکوژی، یان خۆکوشتن’ بەدوور بگرێ.
12 .وریایی لە بەکارهێنانی وێنە یان گرتە ڤیدیۆییەکان: نابێت وێنە یان گرتە ڤیدیۆییەکانی دیمەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆکوشتن بەکاربهێنرێت، لەهەمان کاتدا نابێت یاداشت، بەڵگەنامەیی ڤیدیۆ کەسی خۆکوژ یان نامە بڵاوبکرێتەوە، یان باس لە هۆکارەکانی خۆکوشتنەکەی بکرێ.

14 .ئامۆژگاری کەسانی پسپۆڕ: میدیاکار بۆ ڕاپۆرتی هەواڵی خۆکوشتن دەبێ داوای ئامۆژگاری لە شارەزایان و پسپۆڕانی دەروونی، کۆمەڵایەتی و پزیشکی بکات، چونکە دەشێت یارمەتیدەر بن بۆ ڕەواندنەوەی هەندێک لە ئەفسانەکان دەوروبەری ئەوانەی بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە.

4.5 پێوانەکردنی مامەڵەی میدیاکاران لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن

1 .خستنەڕوو تایبەتمەندییە گشتیەکانی یەکەکانی توێژینەوەکە : لەم توێژینەوەیەدا ڕەگەزی نێر ڕێژەی (84.9 %) نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، بەڵام ڕەگەزی مێ، ڕێژەی (15.1 %) نموونەی توێژینەوەکە، وەک ئەوەی لە خشتەی (4) پیشاندراوە.

خشتەی (4) تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە پیشان دەدات

| | | ژمارە | ڕێژە % | | | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 73 | 84.9 | بڕوانامە | ئاوەندی | 4 | 4.7 |
| | مێ | 13 | 15.1 | | ئامادەیی | 7 | 8.1 |
| کۆی گشتی | | 86 | 100 | | دبلۆم | 24 | 27.9 |
| پیشەی ڕۆژنامەوانی | | ژمارە | ڕێژە % | | بەکالۆریۆس | 43 | 50.0 |
| | سەرنوسەر | 12 | 14.0 | | ماستەر | 6 | 7.0 |
| | نوسەری هەواڵ | 14 | 16.3 | | دکتۆرا | 2 | 2.3 |
| | پەیامنێر | 37 | 43.0 | کۆی گشتی | | 86 | 100 |
| | بەڕێوەبەری سوشیال میدیا | 7 | 8.1 | گروپی تەمەن | | ژمارە | ڕێژە % |
| | پێشکەشکار | 7 | 8.1 | | 20-29 | 28 | 32.6 |
| | بێژەر | 4 | 4.7 | | 30-39 | 35 | 40.7 |
| | وێنەگر | 5 | 5.8 | | 40-49 | 19 | 22.1 |
| | | | | | 50-59 | 4 | 4.7 |
| کۆی گشتی | | 86 | 100.0 | کۆی گشتی | | 86 | 100 |

سەبارەت بەئاستی خوێندن، لە خشتەی (4)دا دەرکەوتووە، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەڕێژەی (% 50) بەڕیزبەندی یەکەم دێن، پاشان هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم بەڕێژەی (% 27.9) هاتووە، دواتر بەڕێژەی (% 8.1) هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی دێ، بەدوایدا خاوەن بڕوانامە ماستەر بەڕێژەی 7) (% و، هەروەها ناوەندی بەڕێژەی (% 4.7) هاتوون، لە ڕیزبەندی کۆتایشدا هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرایە بەڕێژەی (% 2.3)هاتووە، بەوشێوەیە دەتوانین بڵێین لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە یەکەکانی توێژینەوەکە تاڕادەیەکی باش گوزارشت لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات.

هەر بەپێیی ئەو زانیارییانەی لە خشتەی (4)دا خراوەتەڕوو، ڕێژەی (% 43) یەکەکانی توێژینەوەکە پەیامنێرانن، هەروەها ڕێژەی (% 16.3) نوسەری هەواڵ، سەرنوسەریش ڕێژەی (% 14) یەکەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرانی سوشیال میدیا و پێشکەشکاران بەیەک ئاست و بەڕێژەی (8.1) یەکەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی شەشەم و کۆتایدا وێنەگر ڕێژەی (% 5.8) و بێژەر بەڕێژەی (% 4.7) بەدوای یەکدا بوونەتە بەشێکی دیکەی یەکەکانی توێژینەوەکە، ئەوەش ئەوەمان پیشان دەدات، کە بەشێکی زۆری ئەوانەی بەناونیشانی جیا لە دامەزراوەکانی میدیا کار دەکەن بونەتە نموونەی توێژینەوە. لەلایەکی دیکەوە یەکێکە دیکە لەو گۆڕاوانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوێست و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتارنواندنی تاکەکان هەیە، بریتیە لە گۆڕاوی تەمەن، بەپێیی ئەو زانیارییانەی لە خشتەی ئاوێتەی (4)دا خراوەتەڕوو، نیشانی دەدات ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (30-39) ساڵاندایە زۆرترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و گەیشتۆتە (% 40.7)، پاشان گروپی (20-29) ساڵ بەڕێژەی (% 32.6) دێ هەروەها گروپی تەمەنی نێوان (40-49) بەڕێژەی (% 22.1) بەپلەی سێیەم دێ، ، بەڕێژەی کەمتر لەوانیش کە دەکاتە ڕێژەی (% 4.7) ئەوانەن کەتەمەنیان لە نێوان (50-59) ساڵاندایە.

2 .مامەڵەی میدیاکاران لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن :بۆ زانینی ئاستی مامەڵە و هۆشیاری میدیاکاران لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن، بەسوود وەرگرتن لە وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە و بەکارهێنانی ناوەندی سەنگکراو (Weighted Mean) ئاستی سەرجەم برگە پەیوەندیدارەکانمان دەرکرد. بەپێی خشتەی (5) کە ئاستی هۆشیاری میدیاکاران بە چۆنیەتی ڕۆماڵی دیاردەی خۆکوشتن بەپیی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕوون دەکاتەوە، دەرکەوتووە شارەزایی تەواوی ڕۆژنامەوانیان لەسەر ڕوماڵکردنی دیاردەکە نیە، چونکە بە بەهای ناوەندی سەنگکراوی (3.16)، واتا

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەئاستێکی (بەهێز) پێیان وایە تا ئێستا هیچ ڕێنماییەکی تایبەت بەچۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن نیە.

میدیاکاران پێیان وایە ڕوماڵکردنی خۆکوشتن دەبێتە هۆکارێک بۆ هۆشیارکردنەوە کۆمەڵگە ئەوەش بە ناوەندی سەنگکراو (2.95) بەئاستێکی (بەهێز) بەڕیزبەندی دووەم دێن، بەڵام وەک ئەوەی لە شیکاری ناوەڕۆکی هەواڵەکان دەرکەوتووە میدیاکان نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە بەدی بهێنن و تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە، بەڵکو زیاتر بۆ لایکی و ڤیو و کۆمێنتی زیاترە. لەلایەکی دیکەوە بەناوەندی سەنگکراو (2.81) و بەڕیزبەندی سێیەم و بەئاستێکی بەهێز ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە میدیاکاران بەگرنگیەوە هەواڵی خۆکوشتنی کەسایەتیە ناودارەکان ڕوماڵ دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە نابێ گرنگی بەو جۆرە هەواڵانە بدرێ، چونکە ئەزمونەکان ئەوەیان سەلماندوە لاسایکردنەوەی خۆکوشتنی کەسایەتیە دیار و ناوبانگەکان لەناو گەنجان بەتایبەت زیاتر دەکات.

خشتەی (5) مامەڵەی میدیاکاران لەگەڵ چۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن دەخاتەڕوو

| ژ.برگە | ڕیزبەندی | برگەکان | بەتەواوەتی هاوڕام نیم | هاوڕام نیم | هاوڕام | بەتەواوەتی هاوڕام | ناوەندی سەنگراو | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | 6 | ڕۆماڵکردنی ڕوداوی خۆکوشتن دەچێتە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانی | 12 | 26 | 41 | 7 | 2.5 | ناوەندە |
| .1 | 8 | باسکردنی تەکنیکی خۆکوشتن یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی هەواڵ | 6 | 17 | 29 | 35 | 1.89 | ناوەندە |
| .2 | 4 | دەبێ بایەخی زۆر بەشوێن و ڕیزبەندی هەواڵەکانی خۆکوشتن بدرێ | 8 | 22 | 38 | 18 | 2.76 | بەهێزە |
| .3 | 9 | بەشێوەیەکی سەرەنجراکێش هەواڵەکانی خۆکوشتن ڕوماڵ دەکەم | 4 | 13 | 37 | 32 | 1.82 | ناوەندە |
| .4 | 6 | دەبێ لەڕوماڵکردنی هەواڵی خۆکوشتن باسی گرفتە کەسیەکانی خۆکوشتن بکرێ. | 9 | 27 | 31 | 18 | 2.5 | ناوەندە |
| .5 | 11 | باشترە ڕاوێژ بەکۆمەڵناس و دەروناسان بکرێ لە ڕوماڵی خۆکوشتن | 43 | 37 | 2 | 3 | 1.56 | لاوازە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .6 | 7 | گرنگە وشـــەی درامی و دەنگی تـایبەت لە ڕومـاڵی خۆکوشتن بەکاربهێندرێ | 5 | 17 | 36 | 28 | 1.98 | ناوەندە |
| .7 | 1 | تـا ئێســـتـا هیچ ڕێنمـایەک نیە تـایبەت بێ بەچۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن | 33 | 39 | 9 | 5 | 3.16 | بەهێزە |
| .8 | 10 | ئاساییە وێنەی کەسی خۆکوژ بڵاوبکرێتەوە | 0 | 13 | 31 | 42 | 1.59 | لاواز |
| .9 | 2 | ڕومـاڵکردنی خۆکوشـــتن لەلایەن ڕاگەیـانـدن دەبێتە هۆکارێک بۆ هۆشیارکردنەوە کۆمەڵگە | 4 | 22 | 34 | 26 | 2.95 | بەهێزە |
| .10 | 3 | بەگرنگیەوە هەواڵی خۆکوشتنی کەسـایەتیە ناودارەکان ڕوماڵ دەکەم | 12 | 37 | 34 | 15 | 2.81 | بەهێزە |
| .11 | 5 | باشـتـرە لە ڕوماڵکردنی هەواڵی خۆکوشـــتن باســی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی..کەسەکان بکرێ | 14 | 34 | 20 | 18 | 2.51 | بەهێز |

دیســـان بەهۆی نەشـــارەزایی میدیاکان لەگەڵ دیاردەی خۆکوشـــتن وەک ئەوەی لە خشـــتەی (5) دەرکەوتووە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ئاستی بەهێز و بەناوەندی سەنگکراوی (2.76) بایەخی زۆر بەشـــوێن و ڕیزبەنـدی هەواڵەکـانی خۆکوشـــتن دەدەن، هەر لە ئـاســـتی بەهێز و بە نـاوەنـدی سەنگکراوی (2.51) دەردەکەوێ میدیاکاران لە ڕوماڵکردنی هەواڵی خۆکوشتن باسی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی کەسەکانی خۆکوژ دەکەن، هەروەک لە ڕیزبەندی شەشەمدا بەئاستی ناوەند و، ناوەندی سـەنگکراوی (2.5) لەڕوماڵکردنی هەواڵی خۆکوشـتندا باسـی گرفتە کەسـیەکانی خۆکوشـتن دەکەن، هەروەک ڕۆماڵکردنی ڕوداوی خۆکوشـــتن-یش بە کاری ڕۆژنامەوانی دادەنێن، لە ڕاســـتیدا ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشـــتن دەچێتە چوارچێوەی کاری میدیایی، بەڵام دەبێ بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان بێ.

هەر لە ئاســتی مامناوەندی و، بە ناوەندی ســەنگکراوی (1.89) ئەنجامەکان ئەوە ڕون دەکەنەوە، کە میدیاکاران پێیان وایە باســـکردنی تەکنیکی خۆکوشـــتن یەکێکە لە ڕەگەزە ســـەرەکیەکانی هەواڵ، هەربۆیە بەناوەندی ســـەنگکراو (1.89) لە نموونەی توێژینەوەکە بەشـــێوەیەکی ســـەرەنجڕاکێش هەواڵەکانی خۆکوشـــتن ڕوماڵ دەکەن، بەئاســـتی لاوازیش پێیان ئاســـاییە وێنەی کەســـی خۆکوژ بڵاوبکرێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەســتەکردنی زیاترە، گرنگی خســتنەڕووی ڕاوێژی کەسـانی کۆمەڵناس و دەروناس و کەسـانی پسـپۆڕە لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشـتن، بەڵام بەبۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە کە لە میدیاکان پێکهاتوون بەناوەندی سـەنگکراوی (1.56) بۆچوون و ڕاوێژی

کۆمەڵناس و دەروونناس و کەسانی پسپۆڕ بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن لە ئاستی لاوازدایە، ئەوەش دوپاتکردنەوەی ڕاستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکانە، کە لە هیچ کام لە هەواڵەکاندا بۆچوونی ئەو پسپۆڕانە باس نەکراوە.

## 4.6 دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

### یەکەم: دەرئەنجامەکان

1. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە کواڵیتی و پیادەکردنی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان بۆ ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نموونە:

- لە ناونیشانی هەواڵەکاندا زۆربەی زۆریان وشەی خۆکوشتن-یان بەکارهێناوە، کە لە بری ئەوە پێویست بوو وشەی (کۆچی دواییکرد، گیانی لەدەست دا)یان بەکاربهێنایە، هەر پەیوەست بەناونیشانەکان ژمارەیەکی زۆریان باسی شێوازی خۆکوشتنیان کردوە.
- سەبارەت بەجۆر و کواڵیتی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکان دەرکەوتووە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا باسی وردەکاری شێوازی خۆکوشتنەکانیان کردوە لەوانە: شوێنی خۆکوشتن، چۆنیەتی خۆکوشتن، هۆکارەکانی خۆکوشتن، لەهەمانکاتدا بەشێوەی وەسفی هەواڵەکانیان داڕشتوە.
- لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆکوشتندا بەهیچ شێوەیەک لایەنی پەروەردەی و هۆشیاری ڕەچاو نەکراوە، لە هەواڵی هیچ کامێکیان بۆچوونی پسپۆڕانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و خەڵکی پسپۆڕ وەرنەگیراوە، لەهەمانکاتدا بەهیچ جۆرێک بەرنامەی خۆپاراستن و چۆنیەتی دورکەوتنەوە لە خۆکوشتن لە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا ئاماژەی پێنەدراوە.

2. بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بۆنەتە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەشبینیی و ترس و بێ هیوایی لەناو خەڵک و ئەوانەی گرفتی هاوشێوەی کەسانی خۆکوژەکانیان هەبووە.
3. لە ماوەی پێنج ساڵەدا (2017 تا 2021) زۆرترین دیاردەی خۆکوشتن لە ساڵی (2020) تۆمارکراوە، کە گەیشتۆتە (265)، هەروەک کەمترین ژمارەش لە ساڵی (2017) بووە، کە (215) بووە، بەڵام لە میدیاکاندا وا پیشان دەدەرێ کە ساڵانە ڕێژەی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات بەتایبەت خۆکوشتنی ژنان.

4. هەرچەندە میدیا وا پیشانی دەدات، کە دیاردەی خۆکوشتن لە ناو ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر، بەڵام بەسەرەنجدان لە داتاکان لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ڕوون دەبێتەوە، کە ژمارەی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ.
5. سەبارەت بەئاستی هۆشیاری میدیاکاران بۆ چۆنیەتی ڕۆماڵی دیاردەی خۆکوشتن بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دەرکەوتووە میدیاکاران شارەزایی تەواوی ڕۆژنامەوانیان لەسەر ڕوماڵکردنی دیاردەکە نیە، بۆ نمونە:

- بەشی زۆری میدیاکاران پێیان وایە تا ئێستا هیچ ڕێنماییەکی تایبەت بەچۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن نیە، ئەوە لە کاتێکدایە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ساڵی (2008) ڕێنمایی تایبەتی بەو دیاردەیە دەرکردوە، ئەوە جگە لە چەندین ناوەندی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی.
- هەرچەندە میدیاکاران پێیان وایە ڕوماڵکردنی خۆکوشتن دەبێتە هۆکارێک بۆ هۆشیارکردنەوە کۆمەڵگە، بەڵام وەک ئەوەی لە شیکاری ناوەڕۆکی هەواڵەکان دەرکەوت، نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە بەدی بهێنن و تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە، بەڵکو زیاتر بۆ لایکی و ڤیو و کۆمێنتی زیاترە.
- میدیاکاران بەگرنگیەوە هەواڵی خۆکوشتنی کەسایەتیە ناودارەکان ڕوماڵ دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە نابێ گرنگی بەو جۆرە هەواڵانە بدرێ، چونکە ئەزمونەکان ئەوەیان سەلماندوە لاسایکردنەوەی خۆکوشتنی کەسایەتیە دیار و ناوبانگەکان لەناو گەنجان بەتایبەت زیاتر دەکات، وەک تیورەی لاساییکردنەوەی (تارد) هاتووە بچوکەکان لاسایی گەورەکان دەکەنەوە.
- هەروەها میدیاکاران لە (ڕیزبەندی هەواڵەکانی خۆکوشتن، باسکردنی گرفتە کەسیەکان، تەکنیکی خۆکوشتن و خستنەڕوی چیرۆکە هەواڵەکان) سەرکەوتوو نین.
- لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتووە، کە میدیاکاران بۆچوون و ڕاوێژی کۆمەڵناس و دەروونناس و کەسانی پسپۆڕ بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕوماڵکردنی دیاردەی خۆکوشتن بەگرنگ نازانن، ئەوەش دوپاتکردنەوەی ڕاستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکانە، کە لە هیچ کام لە هەواڵەکاندا بۆچوونی ئەو پسپۆڕانەیان باس نەکردوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. میدیاکان لە هەرێمی کوردستان ڕووبەرێکی فراوان لە شوێن و کات بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی خۆکوشتن تەرخان دەکەن، ئەوەش مەترسی زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن لەلای ئەو تاکانە زیاتر دەکات، کە هزری خۆکوشتنیان هەیە.
7. ئەو شێوازی ڕوماڵکردنەی لە میدیکارانی هەرێمی کوردستان هەیە کارئاسانی تەواو دەکات تا تاکەکان زۆر بەئاسانی بتوانن زانیاری لەسەر ڕێگەکانی کۆتایی هێنان بەژیان بەدەست بهێنن، بەتایبەت ئەو تاکانەی کێشەی دەروونیان هەیە، یان ئەوانەی ئالودەی مادده هۆشبەرەکان بوون، یاخود ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەراسان دەکرێن و گێچەڵیان پێ دەکرێت نائومێد و بێ هیوا دەبن.

## دووەم: پێشنیازەکان

1. بۆ پارلەمانی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەین چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پەسند بکات، بەشێوەیەک کارەکانی میدیا ڕێکبخەنەوە کە هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بێ بۆ گەشەپێدان و هۆشیاری کۆمەڵایەتی.
2. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەین، هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیارەکان دروست بکات بۆ کردنەوەی سێنتەرێکی تایبەت بە یارمەتیدانی ئەو کەسانەی هزری خۆکوشتنیان هەیە و داوای یارمەتی دەکەن.
3. بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەین لە بری قەدەغەکردنی هەواڵی خۆکوشتن لە میدیاکان، بەسوود وەرگرتن لە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەکانی تەندروستی جیهانی و ئەزموونی وڵاتان ڕێنمایی تایبەت بۆ کەناڵەکانی میدیا و میدیاکاران دەربکات بۆ چۆنیەتی ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی خۆکوشتن.
4. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەو پەیج و وێبسایتانە فلتەر بکات، کە دوور لە بنەما ڕۆژنامەوانیەکان هەواڵی خۆکوشتن بڵاودەکەنەوە، یاخود کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان پابەند بکات بەفلتەرکردنی ئەو دامەزراوە میدیایانەی کە هەواڵی هاوشێوە ڕوماڵ دەکەن.
5. بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێشنیاز دەکەین خول و سمیناری جۆراوجۆر بۆ میدیاکاران لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکاتەوە تا لە ڕێگەیەوە فێری چۆنیەتی ڕوماڵکردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و خۆکوشتن بەتایبەتی بکرێن.

6. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ میدیاکاران و دامەزراوەکانی میدیا هەوڵەکانیان لەگەڵ یەکتری چڕ بکەنەوە تا ڕوماڵی هەواڵەکانی خۆکوشتن بکەنە وێستگەیەک بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی گرفتی هاوشێوەیان هەیە.
7. کارمەندانی ڕاگەیاندنی دامەزراوە ئەمنیەکان بەگشتی و پۆلیس بەتایبەت، کە مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دۆسیەکانی خۆکوشتن هەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ خولی هۆشیاریان بۆ بکرێتەوە تا بەشێوەیەکی زانستی تر زانیارییەکان پێشکەش بەمیدیاکاران بکەن و ڕێگری بکەن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی خۆکوژ وەکو ناو، شوناسیان، پیشەیان، شوێنی نیشتەجێبون و وێنەو ڤیدیۆ و دۆکیومێنتی بەجێماو.
8. بۆ دامەزراوەکانی میدیا پێشنیاز دەکەین یان شارەزایانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکانیان دابمەزرێنن، یاخود لە ڕوماڵکردنی هەواڵی خۆکوشتن پسپۆڕانی دەرونزانی بانگهێشت بکەن بۆ شیکاری هەواڵەکان تا هۆشیاری زیاتر دەربارەی فاکتەرەکان و میتۆدەکانی ڕێگری لە خۆکوشتن و چارەسەرەکان بخەنەڕوو.

## سێیەم: ڕاسپاردەکان

بۆ توێژەرانی لە داهاتوودا ڕاسپاردەیان دەکەین، توێژینەوەی زانستی بکەن لەبارەی:

1. شیکردنەوە بۆ داتا و زانیاریی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی خۆکوشتن.
2. ئاستی زانستی فێرخوازانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لەبارەی ڕوماڵی میدیای بۆ خۆکوشتن.
3. بەسودوەرگرتن لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك دەتوانرێ توێژینەوە سەبارەت بە (دراما دۆبلاژکراوەکان) و خۆکوشتن ئەنجام بدەن.

## سەرچاوەکان:

الدلیمی، حەمید جاعد (2011) کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن - ڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ئایندە. (وەرگێڕانی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری) هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
سەمیرە (2007) فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی (وەرگێڕانی: خسرەو میراودەلی) سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

محەممەد، فائیز ئیبراهیم (2019) ئەنۆمی کۆمەڵایەتی- لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.
موحسنی، مەنوچێهر (2005) کۆمەڵناسی گشتی (وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی) هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
مصطفی، اسماعیل ابراهیم (2020) کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڕانەوە بۆ تاوان- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە بەشە چاکسازییەکانی گەوران لە هەرێمی کوردستان-عێراق. زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر: کۆلێژی ئاداب. کۆمەڵناسی. نامەیەکی ماستەرە (بڵاونەکراوەتەوە).
شبيب، عدى بجاى (2020) الانتحار دراسة الاجتماعية ميدانية في محافظة ذي قار، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية (10/3)21-40 .
شوانی، دکتۆر محەمەد (2011) دیاردەی کۆمەڵایەتی چیە؟ کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان: گۆڤاری کۆمەڵناسی (7) 6-10.
عبدالعال، ماجده محمود أحمد (2021) الإعلام وأثره في انتشار ظاهرة الإنتحار. العراق: مجلة ميسان للدراسات الاكاديمية (عدد خاص) 78-89.
عبدالعال، ماجده محمود أحمد (2021) الإعلام و اثره في انتشار ظاهرة الإنتحار. جامعة ميسان: مجلة ميسان للدراسات االكاديمية (20/40) 89-78.
فائق، أمل میکائیل (2019) دیاردەی هەوڵی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان، زانکۆی سۆران: گۆڤاری توێژەر (2/4) 255-298.
نایبی، هوشنگ، معیدفر، سعید، سراج زاده، سیدحسین، فیضی، ایرج (2017) تئوری انومی دورکیم و مرتن: شباهتها، تفاوتها و شیوەهای اندازەگری. فصلنامه علمی- پژوهشی رفاه اجتماعی. 66 (17/96)14-22 .
دعيبل، سعد كاظم عطية (2017) مراحل تطور الاهتمام الاجتماعي بالإعلام. ڕێکەوتنی بڵاوکردنەوە ( 2017/10/25) لەم بەستەرە بەردەستە(uobabylon.edu.iq) ڕێکەوتی سەردان (2022/8/10).
ناجی، علاء (2017) شبكات التواصل الاجتماعي والانتحار: العلاقة والتأثير. لەم بەستەرە بەردەستە (شبكات التواصل الاجتماعي والانتحار: العلاقة والتأثير) ڕێکەوتی سەردان (2022/8/1).
eshamel (2011) الظاهرة الاجتماعية و خصائصها، لەم بەستەرە بەردەستە (eshamel.net) ڕێکەوتی سەردانیکردن (7.7.2022).
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئامار
Bernburg, Jon Gurnnar. (2019). anomie theory. Oxford research encyclopedia of criminology and criminal justice.

Carter, Eric Michael .(2006). failing at success; a Durkheimian analysis of anomie and deviant behavior among national football league players. Unpublished doctor dissertation. Department of sociology, anthropology and social work. Manhattan: Kansas state university. college of arts and sciences.
Durkheim, Emile .(1898). suicide (trans by; John A. Spaulding and George Simpson) new York; free press.
Durkheim, Emile .(2005). Suicide: A Study in Sociology (Translated: John A. Spaulding and George Simpson) 2nd Edition . London and New York: Routledge.
Ritzer, George .(2016). sociological theory. Eight editions. New York: McGraw Hill publisher.
Arafat, S M Yasir., Ahmad, Araz Ramazan., Saeed, Ayoob Kareem., Menon, Vikas., Shoib, Sheikh and Kar, Sujita Kumar Kar .(2021). Quality of media reporting of suicide in Iraq. International Journal of Social Psychiatry. 68(2):443-448.
Cheng, Qijin, Chen, Feng, Lee, Esther S.T,& Yip, Paul S.F .(2018). The role of media in preventing student suicides: A Hong Kong experience, Journal of Affective Disorders (227) 643-648.
Kar, Sujita Kumar., Padhy, Susanta Kumar ., Bhoi, Rosali., Pattnaik, Jigyansa Ipsita., and Menon, Vikas .(2022). Quality of newspaper reporting of suicide in Odisha, India, against the World Health Organization guidelines. Indian J Psychiatry, 64(1):80-83.
Menon, Vikas ., Kar, Sujita Kumar., Varadharajan, Natarajan., Kaliamoorthy, Charanya. , Pattnaik, Jigyansa Ipsita , Sharma, Ginni. , Mukherjee, Srijeeta., Shirahatt, Nikhilesh B ., Ransing,
Moghadam, Mehdi Rezaee, Fakheri, Nariman, Milani, Alireza .(2014). The Gabriel Tard's theory of imitation and enforcement of imprisonment punishment. World Scientific News (6) 17-25.
Rabani , Syed Tanzeel Rabani, Khan , Qamar Rayees & Khanday, Akib Mohi Ud Din .(2020). Detection of Suicidal Ideation on Twitter using Machine Learning & Ensemble Approaches. Baghdad Science Journal. 17 (4):1328-1339
Ueda, M, Mori, Kota & Matsubayashi, T .(2014). The effects of media reports of suicides by well-known figures between 1989 and 2010 in Japan. International journal of epidemiology: 43(2):623-9.
Sharma, Pawan., Timasina, Ravi Raj., Singh, Swarndeep., Gyawali, Shreeya., Marahatta, Kedar., and Arafat, S. M. Yasir (2022) Psychiatry Journal. DOI: 10.1155/2022/5708092 PMID:
Tonkonoff, Sergio (2013) GABRIEL TARDE. A NEW SOCIAL PHYSIC. Current Sociology (61/3) 267 –282. (42) GABRIEL TARDE. A NEW SOCIAL PHYSIC | Sergio Tonkonoff - Academia.edu.
World Health Organization & International Association for Suicide Prevention. Preventing suicide: a resource for media professionals . World Health Organization; 2017. https://apps.who.int/iris/handle/10665/258814 . [Google Scholar]

World Health Organization (2017) In preventing suicide: A resource for media professionals. World Health Organization. Retrieved August 3, 2022 from, Preventing suicide: a resource for media professionals, update 2017 (who.int).

## علاقة الإعلام بانتشار الظواهر الاجتماعية في المجتمع - الأفكار الانتحارية نموذجا

**ملخص:**
أصبح الانتحار كظاهرة اجتماعية موضوعا ذو أهمية متزايدة لدى العلماء ، وخاصة علماء الاجتماع الذين يعنون بدراسة الظواهر الاجتماعية في وسائل الاعلام. ولهذا قد استخدموا عدة أدوات ونظريات مختلفة لشرح أسباب ونتائج هذه الظاهرة.
وعلى الرغم من أن هناك عدة عوامل كالاضطرابات النفسية والقلق وتعاطي المخدرات والعلاقات الاجتماعية الغير متوازنة والظروف الصحية والضغوط الاقتصادية والتي تعتبر احدى الأسباب الرئيسية للانتحار ، فقد أصبحت وسائل الإعلام اليوم أيضا عاملا سببيا مهما في تزايد انتشار هذه الظاهرة في المجتمع. ولعل ذلك يرجع إلى أن الصحفيين ليس لديهم المؤهلات الإعلامية والمعرفة الكافية حول كيفية تغطية حالات الانتحار في المجتمع وليس لديهم توقع كافي لعواقب التغطية الاعلامية لحالات الانتحار وما له من تأثير على سلامة الأفراد في المجتمع وخاصة في البلدان النامية.
ومن خلال تحليل محتوى (126) خبرًا عن (الانتحار) في (17) قناة إخبارية مختلفة في إقليم كوردستان - العراق خلال مدة ثلاثة أشهر ، توصلت هذه الدراسة إلى أنه لابد من تعزيز الإجراءات الوقائية ضد الانتحار و نشر ثقافة مناهضة الانتحار ، وتؤدي وسائل الإعلام في بعض الأحيان بدور سلبي في زيادة معدل انتشار هذه الظاهرة من خلال نشر الخوف واليأس بين الجمهور. بالإضافة إلى ذلك ، يتبع الصحفيون الحد الأدنى من التوصيات الصادرة عن منظمة الصحة العالمية (WHO). على سبيل المثال ، في دراسة استقصائية لهذا البحث بناءً على إرشادات منظمة الصحة العالمية ، تبين أن مستوى وعي الصحفيين بمسألة كيفية تغطية حالات الانتحار يقف حول المتوسط المرجح وهو 3.16 في المتوسط مما يشير إلى غياب عالي من الوعي لدى الصحفيين .
**الكلمات المفتاحية:** الاتصال ، الاعلام ، الظواهر الاجتماعية ، المجتمع ، الانتحار

## The Relationship of The Media to The Spread of Social Phenomena in Society – Suicidal Thoughts, For Example

**Asst. Lect. Hemin Amin Jalal Shwani**
Department of Media, College of Litreature and Arts, Cihan University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Directorate of Media, The Minister Office, Ministry of Higher Education and Scientific Research.KRG.
hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq & hemin.jalal@mhe-krg.org

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Asst. Lect. Hunar M. Hussein**
Department of Translation, College of Litreature and Arts, Cihan University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hunar.m.hussein@cihanuniversity.edu.iq

***Keywords:*** *communication, media, social phenomena, society, suicide.*

## Abstract

Suicide as a social phenomenon has increasingly become a subject matter of interest to sociologists, especially the sociologists of the media. They have used various tools and theories to explain the causes and consequences of this phenomenon. Although traditionally the factors of mental disorders, anxiety, drug use, social relationships, health, economic and social pressures are taken as the main causes of suicide, today the media has also increasingly becomes an important causal factor in the spread of this phenomenon in society. This is mainly because journalists do not have a necessary level of knowledge on how to cover the stories of suicide by considering the consequences and impacts of their media handling of this phenomenon on the safety of individuals in society especially in developing countries.

By analyzing the content of (126) news stories about (suicide) in (17) different news channels in Kurdistan Region of Iraq during three months, this study has found out that instead of promoting preventive measures against suicide or encouraging anti-suicide culture, the news outlets have actually become a contributing factor in the increasing rate of the phenomenon by spreading fear and hopelessness among the public. Additionally, journalists follow minimum level of the recommendations issued the World Health Organization (WHO). For example, in a survey for this research based on the guidelines of the WHO, I found out that the level of journalists' awareness of the question of suicide stands around the weighted mean of 3.16 on average which indicates a high level of lack of awareness.